
شاخەوان عەبدوڵا: کاتی کشانەوە یان بایکۆت لە بڕیارەکان هاتووە



شاخەوان عەبدوڵا، جێگری سەرکۆماری پەرلەمانی عێراق دەڵێت: چەند جارێک داوامان کردووە و ئێستاش کاتی کشانەوە یان بایکۆت لە بڕیارەکان هاتووە.

شاخەوان عەبدوڵا، جێگری سەرکۆماری پەرلەمانی عێراق لە پەیامێکدا، کە ئەمڕۆ پێنجشەممە 29ـی ئایاری 2025، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە و نووسیویەتی" ئەمڕۆ دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژ لەگەڵ خوشک و برایانم لە سەرکۆماری فراکسیۆنی کوردستانییەکان لەبارەی بڕیاری نێنارەدنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم ، بەسوپاسەوە وەکو هەمیشە بڕیەک دەنگ کەمێک بڕیار درا".

ئاماژەی بۆشکردووە، نوسراوەکیان ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق کردووە، لەسەر ئەو پێشێلکارییانەی دەرهەق بە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەکرێت، چونکە دەچێتە خانەی بڕسی کردنی هاووڵاتیانەوە.

جێگری سەرکۆماری پەرلەمانی عێراق، باسی لەوەش کردووە، داوامان کرد ئەو پێشێلکارییانە ڕاگرێت و مووچە

ڕووانە بکات و کێشەکان لە بنەڕەتەوە چارەسەر بکرێن و چیتر مووچە، وەکو کارتێکی سیاسی بەکار نەهێنرێت لە دژی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان.

شاخەوان عەبدوڵا، دەڵێت: داوامان لە سەرۆک کۆمار و وەزیرە کوردەکان کردووە هەوڵستی ڕوونیان لەمبارەوە هەبێت، چەند جارێک داوامان کردووە بەیاری کشانەوە یان بایکۆتی ئەم لێبڕینە بدرێت، بەڵام هەمیشە بوار بەگفتوگۆ دراوە و ئومێد وابووە کێشەکان چارەسەر بێت.

شاخەوان عەبدوڵا جەخت لەوەدەکاتەوە، "هەرکاتێک بەیاری بایکۆت یان پاشکۆ یان هەربەیارێکی دیکە بدرێت، لەماوەی یەک کاتژمێر جێبەجێی دەکەم و پێشم وایە کاتییەتی".